غەزەلی غەزەلەکانی سولەیمان

داڕشتنەوەی: (سامان) محەمەد ئەحمەدی (بۆکان)

هەندێک لە توێژەران لە هۆکـاری ئەوەیدا کـە بۆچی غـەزەلی غـەزەلەکـانی سـولەیمان بە واتای عـاشـقـانەوە لە تـوێی کـتـێـبی تەوراتدا وەک دەقی پیـرۆز (مـوقـەدەس) هاتوون؛ دەڵێن: ئەو غـەزەلانە مـەدحی شـەخـینـەن کـە لە عەرەبیدا بۆ تەسەکینە و لایەنی مێوینەی یەهوەیە.

لە فەرهەنگی سیمبولەکاندا لاپەڕە لە بارەی شەخینەوە نووسراوە: لە ئایینە نهێنی و عیـرفانییـەکانی جوولەکەدا لایەنی مـێـوینەی خـودایە و هاوتای زاراوەی ئانیـمـای یوونگە.

(داستان یک روح: دکتر سیروس شمیسا ص٦٠)

سروودی یەکەم

خۆزگە بە ماچی لێوانیم
ڕاموووسێ
خواردنەوەی عەشقی تۆ
خۆشترە لە شەراب
گیانی تۆ
بۆنخۆشترینی یەکەم گوڵاوە
ناوی تۆ
بەرامەی خۆشترین بۆنی پژاوە
بۆیە دڵ لە کیژان دەڕفێنی
ئێستا بانگم بکە ئەی میری خۆم!
تاکو بەهەڵەداو
بە هەنگاوی بۆنخۆشتدا سەرهەڵگرم
بێمە نێو ماڵەکەتەوە
کە بگەڕێی لە دڵمدا شاد و
لەسەرمدا خۆش
ئەوە میری من
بردمیە نێو کوخێی شاراوەی خۆی
ڕەنگ هەڵپڕووسکاو
دەست و پێ نەماو
لەنێو پەردەی میری دڵاندا دەپشکوێم
ئای کە خۆشە خۆشویستنی تۆ ئازیزم!
لە هەرچی خواردنەوەیە زیاتر
پێت سەرخۆشم
تۆ بەڕاستینەی عەشقەوە دڵبەری
* * *
گەورە کچانی ئۆرشەلیم!

ئێوە و مێژناسکی نواڵان!
ژان مەدەنە بەر دڵم!
سوکنایی گیانم لە خەوێکی هێوردایە
هەرا مەکەن
با تێرخەو بێ
هەیاران!
ئەوە گۆرانی یارە دەیبیستم
گوێم لە ترپەی پێی دڵدارە
لە باغی کچێنیم ڕا
لۆمەم مەکەن!
گەرچی قولێکی تاوگەستەم
بەڵام جوانم
ملبەندم ئەستێرەچنەو
یارم کوڕێکی شلکە
خۆشی دەوێم
گازی دڵی من دەکات
* * *
لۆمەم مەکەن کچانی ئۆرشەلیم!
برالانم لێم زویربوون
لەبەر ئەو سوورەتاوەدا
کردیانمە باغەوانی ڕەزان
بەڵام هەی داخی گران!
نەپەرژامە سەر ڕەزی باڵام
* * *
کوڕە شوانی هۆزەکەم
کردمیە ڕەزی بەرهەتاو
ئەوە ئێستا
دڵم تەنگەو
ڕەزی بەژنم بێ باغەوان
ئاخ گراوە بۆنخۆشەکەم!
نیوەڕۆ لەکوێ نووستی؟
مێژناسکە کێوییەکانت لە کوێ مۆڵ داو
لەکوێ خەوتی؟
تاکەی لە دوای تۆ
پەرچەڕانی هاوڕێکانت بگەڕێم؟
بۆ لێم ونیت؟
لە کێهە ڕەزدایە ڕانەکەت؟
* * *
خێرا بە نازەنینەکەم!
ئەی لەبەر دڵانتر کچی جوولەکان!
بەڕاستی نابەدڵەدی ڕێگای؟
سەرهەڵبڕە
شوێن ڕەوی میگەلان کەوە
بەرغەلەکەت ڕادە بۆ لەوەڕگە
وەرە بۆ لام!
ئەی جوانتر لە ماینەکانی کەژاوەی فیرعەون!
بسکت جوانە وەک بڕکەی ڕەزان
گەردنت جوانتر بەهێشووی ماچەوە
وەرە ئازیز!
ئەم هەواره پڕکە لە چریکەی ئەوین
با دەسەڵاتی بۆنی تۆ
بە هەڕێمی گیانمدا بپژێت
کۆترە باریکەی سەر ئاسۆی یاڵان!
بە گمەی تۆ دەپشکوێم
لە چاوتدا... ئیشتیای ئاسمان دەخۆمەوە
وەرە بۆ لام!
گواڕەی زێڕی
پەرەنگ زێوت دەکەمە دیاری
* * *
دڵدارەکەم
لەسەر جێ و بانەکەی خۆی
میوانی عەشقی من دەبێ
سەری خۆشەو
مێگەلە ماچ لە گوڵزارم دەچەرێنێ
ئەو جوانە وەک گوڵی باغەکانی بەرکانیی «جودەی»
بۆنخۆشە وەک بنێشتی دارەبەن
وەک قوتووی عەتار.. بەنێو مەمکۆڵانمدا دەپژێ
وەک ماندووی هەردەپێو لە ئامێزمدا دەنوێ
بۆنی گوڵی خەنەی لێدێ
تۆ چەند جوانی یاری خۆم!
چەندە جوانی!
چاوەکانت دوو کۆترن
لە ترپەی دڵی منداً دەگمێنن
لە هەراسانی سەرمدا
تەقڵە دەکەن
* * *
ئەی لەبەر دڵان، میری من!
ئەوە چیمەن دەبێتە جێ و بانی شەوی پەردەمان
ئەوە سنەوبەر دەبێتە کۆڵەکەو
سەولێش هەڵاشی ماڵەکەمان
وەرە یارم!
ئەو کاتانەی کە تاو هەڵدێت
ئەو کاتانەش کە هەتاو ئاوا دەبێت

سەرچاوەکان:

۱- کتاب مقدس، ترجمەی تفسیری، شامل عهد عتیق و عهد جدید، چاپ زیر زمینی در ایران.

۲- شاملو احمد، مجموعه اثار، دفتر دوم: همچون کوچەی بی انتها (گزینەئی از اشعار شاعران بزرگ جهان)، موسسەی انتشارات نگاه، چاپ پنجم ۱۳۸۱، تهران، غزل عزلهای سلیمان صفحەی ۵٦۷.

۳- صالحی سید علی، ترانەهای ملکوت (باز سرایی چهار دفتر از کتاب مقدس)، نشر برسات، چاپ اول پاییز ۱۳۸۱، تهران.